www.kurdistannet.org

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان داوا لە رۆڵەکانی گەلی کورد دەکا بۆ پوچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی دوژمنی داگیرکەر و سەرخستنی بزوتنەوە رزگاریخوازییەکەمان، یەکدڵ و یەکگرتووبن. داوا لە حیزب و رێکخراو و کەسایەتییە سیاسیە رەسەن و نیشتمان پەروەرەکانی کوردستان لە نێو خۆ و دەرەوەی کوردستان دەکا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی کورد و بەهێز کردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا رێگەی هاوکاری بە کردەوە بگرنە بەر و لە دەوری پلاتفۆرمێکی خەباتگێڕانە کۆوەبن و بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی پێکبێنن.

لە ١١ ساڵ خەبات و تێکۆشاندا، یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان حەولی داوە لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی، پێوەندییەکی برایانە و هاوسەنگ لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسیەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دابمەزرێنێ. بەش بە حاڵی خۆی هیچ گیروگرفتێکی بۆ خەباتی هیچ لایەك نەهێناوەتە پێش و بەبێ دەسوەردان لە کاروباری نێوخۆیی، پشتیوانی لە خەباتی گەلەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان کردوە. پارلمانی هەڵبژێردراو و حکومەتی هەرێمی کوردستانی باشوری وەك دوو دەسکەوتی گرینگی نەتەوەیی ناسیوە و پاراستن و سەرخستنیان بە ئەرکی نەتەوەیی رۆڵەکانی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان و سەراسەری دنیا داناوە. هەر لەو کاتەشدا بە دوو بەرەکی و شەڕ و ئاڵۆزی لە نێوان هێزە کوردستانییەکاندا دڵتەنگ و بەپەرۆش بووە. ئێمە داوا لە هەموو هێزە کوردستانییەکان دەکەین، ناکۆکییەکان لە رێگەی وتووێژ و دیالۆگەوە چارەسەر بکەن و لەم سەردەمە ناسك و هەستیارەدا بۆ وەدەسهێنانی مافەرەواکانی کورد و پاراستنی دەسکەوتەکانی تائێستای، دەستی هاوکاریی بدەنە یەك.

شۆڕشگێڕان هیوادار و دڵنیا بە سەرکەوتن و هاتنە بەری داری خەبات و تێکۆشانی کورد و گەیشتنی بە داهاتوویەکی گەش و ژیانێکی باشتر لە کوردستانێکی بەهرەمەند لە ئاشتی و ئازادی و یەکسانیدا ساڵێکی دیکە لە تەمەنی خەباتگێڕانەی دەسپێدەکا. داوا لە هەموو تێکۆشەرانی ریزەکانی دەکا، گوڕوتینی زیاتر بە خەباتیان بدەن. داوا لە هەموو رۆڵەکانی گەل دەکا هاوکاریی بکەن و لە خەباتی پیرۆزی کوردایەتیدا پشتگیریی بکەن.

**شەکاوە بێ ئاڵای رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان**

**راوەستاو بێ یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**بەرقەرار بێ ئاشتی و ئازادی و یەکسانی**

**کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**٣٠ی گوڵانی ٢٧٠٢ی کوردی-١٣٨١ی هەتاوی**

**٢٠ی مایسی ٢٠٠٢ی زایینی**

www.kurdistannet.org

کوردستان بووەتە قەوارەیەکی سیاسی، ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی کە لە کاروانی بزوتنەوەی رزگاریخوازیدا سەنگی سیاسیی خۆی هەیە.

١١ ساڵ خەباتی بێوچان و برینی ڕێگەیەکی سەخت و پڕکەند و کۆسپ بۆ ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ و بە ئەخلاق و خاوەن پرێنسیپ، لە دۆخێکی نائاسایی و نالەباردا، لەناوچەیەکی پڕ کێشە و ئاڵۆز و جێی تەماحی دوژمنانی کورددا، سەهل و ئاسان نەبووە و نرخێکی گەلێ گەورە و گرانی هەلگرتووە. رژانی خوێنی رۆڵەی هەلکەوتووی گەلی کورد و دامەزرێنەر و سەرکردەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان کاك سەعید یەزدانپەنا و ژمارەیەکی دیکە لە باشترین تێکۆشەرەکانی بەدەستی تێرۆریستەکانی ڕێژیمی داگیرکەری تاران و گیانبەختکردنی دەیان فەرماندە و کادر و پێشمەرگەی لەسەنگەری بەرگری لە کورد و کوردستان؛ زەحمەت و ماندووبونی لە رادەبەدەر و بەخت کردنی تەمەنی لاوێتی سەرکردە و تێکۆشەرە کۆڵنەدەرەکانی و فرمێسك و داخ و کەسەری بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی؛ گیران و ئەشکەنجە درانی دۆستان و لایەنگرانی، بەشێك لە نرخی ئەو خەباتە شێلگیرانەیە بوون.

لێرەدا ناکرێ باس لەوە نەکەین کە هێندێك لە کەند و کۆسپ و نەهاتیەکانی ڕێگەی ١١ ساڵەی خەباتمان و رژانی بەناڕەوای خوێنی پۆلێك لە تێکۆشەرانی یەکێتی شۆڕشگێڕان لە لایان ژمارەیەك لە برا خراپەکانمانەوە بووە. ئەو برایانەی کە بۆ رازی کردنی دڵی دوژمنانی کورد دەستیان بە خوێنی برای خۆیان سوور کرد و حەیسیەت و ئابڕوی سیاسیی خۆیان بە هێندێك شتی بێبایەخ گۆڕییەوە. بەلام یەکێتی شۆڕشگێڕان کە لە مەیدانی نەبەرد لەگەڵ دوژمنی داگیرکەردا ڤین ئەستوور و تۆڵە ئەستێنە، تەحەمولی ئەوەی کرد سینگی بەدەستی برای خۆی سوور بێ و دەستی بەخوێنی سوور نەبێ.

کۆمیتەی ناوەندی لە ١١هەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوون و دسپێکی ١٢ هەمین ساڵی خەبات و تێکۆشانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا. سلاوی گەرمی خەبات و کۆڵنەدان ئاراستەی خەڵکی کوردستان دەکا، سەری ڕێز لە حاست شەهیدی دامەزرێنەر سەعید یەزدانپەنا و سەرجەم شەهیدانی ١١ ساڵەی خەباتمان دادەنەوێنێ. سلاوی ئەمەگ و وەفا پێشکەشی ئەو تێکۆشەرانە دەکا کە کەوتوونەتە ئەشکەنجەگاکانی ڕێژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی و دەستی یەك بەیەکی خەباتگێڕە کۆڵنەدەرەکانی دەگوشێ.

**هاووڵاتییە بەرێزەکان !**

**تێکۆشەرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان !**

١٢هەمین ساڵی تێکۆشانمان لە کاتێکا دەسپێدەکەین کە بەداخەوە هیچ گۆڕانێك لە چارەنووسی سیاسی گەلەکەمان بەدینەهاتووە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەروا بەزەبری هێزە داگیرکەرەکان و دامودەزگاکانی کوشتار و ئەشکەنجە و داپلۆسینی لە کوردستاندا حوکم دەگێڕێ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەگشتی و هیچکام لە فۆڵ و تاقمە پێکهێنەرەکانی، هیچ پرۆژەیەکیان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد بەدەستەوە نییە و تێڕوانین و پرۆژەکانیان هەر تێڕوانینی شۆڤینیستانە و پرۆژەی داگیرکەرانەن بەرامبەر بە کورد و کوردستان.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بە چۆکداهێنانی کورد و دسپێهەلگرتنی لە خەبات بۆ ئازادی و بۆ بەلارێدا بردنی خەباتی رەوا و رەسەنی، هاوکات لەگەڵ سەرکوت و زەبر و زەنگ، لە لایەکەوە بە بلاوکردنەوەی "مەودای موخەدر" و تێوەگلاندنی ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی ولاتەکەمان، وزەیەکی گەورەی لە هێزە کۆمەلایەتییەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازیمان سست و لاواز کردوە و لە لایەکی دیکەشەوە، بەدەرفەت دان و گەورە کردنەوەی ژمارەیەك دەسوپێوەندی ناسراوی خۆی و ڕێگەدانیان بۆ هێنانە گۆڕێی هێندێك رەخنە و پێشنیار و باسی زۆر سەرەتایی و لاوەکی و "بێزەرەر بۆ پەزەکە" و ناساندنیان بەناوی نوێنەرانی کوردستان و پارێزگاری کورد و نووسەر و کارناسی کورد ، تێدەکۆشێ بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بن کۆڵ و بەلارێداببا. بەلام مانۆڕی فریوکارانە و لاف و پۆزی "خەڵك سالاری" و "مەدەنیتخوازیی" و برێك دروشم و قسەی بریقەداری بێنێوەرۆك و لە باشترین حالەتدا ڕێگەدان بە دەرچوونی چەن رۆژنامەیەکی کوردیی دەستوپێ بەسراو، هیچ رادەیەك لە کێشەی کورد چارەسەر ناکا. کێشەی کورد، پرسی چارەنووسی سیاسیە، پرسی رزگاریی خاك و مافی دەسەلاتداریی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

بۆیە بە لەبەر چاوگرتنی ئەو راستیانە هیچ ڕێگایەك بێجگە لە درێژەدان بەخەبات و سوور بوون لەسەر هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە لەبەردەم گەلەکەمان و خەباتگێڕانی راستەقینەی کورد و یەك لەوان یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ئاواڵە نییە.

www.kurdistannet.org

# بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی

# لە ١١هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا

**گەلی کوردی ستەمدیدە!**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

**پێشمەرگە قارەمانەکان، ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان !**

٣٠گوڵانی ئەمساڵ، ٢٠ی‌مای٢٠٠٢ی زایینی، ١١ ساڵ بەسەر لە دایکبوونی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا تێدەپەڕێ. ١١ ساڵ لەمەوبەر ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی گەلەکەمان بە سەرکردایەتی خەباتگێڕی ناسراوی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و جوڵانەوەی ئازادیخوازیی ئێران، کاك سەعیدی یەزدانپەنا بناغەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانیان دانا.

دامەزرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ئاکام و بەرهەمی گەشەی فیکری و پێگەیشتوویی سیاسیی خەباتگێڕانی کورد و دەرفەتی هەڵکەوتوو و لەباری مێژوویی بوو.

بە لەدایك بوونی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان رێبازێکی فیکری و سیاسیی تازە و گونجاو لەگەڵ سەردەم و ئاستی وشیاری نەتەوەیی کورد و هێندێك چەمك و دروشمی نوێ هاتنە نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانی رۆژهەڵاتەوە.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ئاڵای بیرو رێبازی نەتەوەیی و کوردستانییەتی بەدەستەوە گرت؛ رزگاریی یەکجاریی و سەربەخۆیی و دامەزرانی دەوڵەتی کردە ستراتیژی خەباتەکەی و پێوەندیی فیدراڵی کورد و ناوەندی بە رێگا چارەیەکی گونجاوی ئەم قۆناغە دانا؛ ئاڵای کوردستانی کردە بەشێك لە هێما و نیشانەی خۆی و بەتەنیا ئاڵای رەوای دانا کە لەسەر خاکی کوردستان هەڵکرێ.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە حاڵێکدا وەك چوار چێوەیەکی رێکخراوەیی سەربەخۆ و لە لایان نەوەیەکی نوێ لە خەباتگێڕانی گەلەکەمانەوە دامەزرا و لەسەردەمێکی بەتەواوی جیاوازلە پێشوو هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسیەوە، بەپێچەوانەی رەوشتی باو، پشتی لە بیری بیرمەندان و خەبات و رەنج و ماندوبوونی پێشینیانی نەتەوەکەمان نەکرد و لەو رێگایەدا کە دەستی بە پێوانی کرد، ئیلهامی لەبیری رەسەنی نەتەوەیی خانی و حاجی و ئەزموونی پێشەوایانی گەورەی کوردایەتی: نەهری و قازی و بارزانی وەرگرت.

هەروەها پرسی رزگاریی نیشتمانیی و نەتەوەیی، وەك پرسی سەرەکیی کوردان؛ یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانی لە مەسەلە دیمۆکراتیك و کۆمەلایەتی و چینایەتیەکان خافڵ نەکرد و خەبات بۆ ئازادی و دیمۆکراسی، یەکسانی و دادپەروەری، مافەکانی مرۆڤ و پرێنسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پشتگیری لە ماف و ئازادییەکانی ژنان و کرێکاران و زەحمەتکێشانی مێشك و بازووی لە خەبات بۆ رادانی داگیرکەران و رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان جیانەکردەوە.

بۆیە بەلەبەر چاوگرتنی ئەو رێبازە فیکری و سیاسیە و بەسەرنجدان بەو پێشوازییەی لە لایان رۆڵەکانی گەلەکەمانەوە لە دامەزرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان کرا و بەو پشتگیرییەی لێیدەکەن و بەو پێوەندییە توند و تۆڵەی لەگەڵ جەماوەر و حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستاندا هەیەتی، دیارە کە بۆشاییەکی سیاسیی لە کوردستانی رۆژهەڵات پڕکردۆتەوە و هێزێکی رەسەنی سیاسییە.

سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییانە و ئەو جێگە و شوێنە سیاسییەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بۆ خۆی قایلە، قەت زەحمەت و ماندوبوونی حیزب و رێکخراوە تێکۆشەرەکانی دیکەی کوردستانی لەبەر چاو ون نەبووە و هەرگیز لە خەیاڵی جێگرتنەوەی هیچ کەس و لایەنێکدا نەبووە، بەڵکوو بە هەناسەی برایەتی و هاوکاریی و خەباتی هاوبەشەوە پێی نایە مەیدان.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بەو تایبەتمەندی و رێبازەوە، تەنیا فیکر و دروشم نەبووە و قەتیش دوورە وڵات و دوورە پەرێز نەبووە. ئەگەر بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی و رێکخراوەیی و هێزی پێشمەرگەی شۆڕشگێڕان، بەپێی تایبەتمەندییان و دۆخی سیاسیی، لە کوردستانی باشور دامەزراون، بەڵام قەت لە خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات دانەبڕاوە و بێجگە لەوەی هەتا ئێستاش جەولەی پێشمەرگە لە قولایی خاکی وڵات بەردەوامە، سەدان تێکۆشەری لە جەرگەی شارو دیهاتەکانی کوردستاندا لە خەباتی رێکخراو و رێکوپێکی نهێنیدان و بەهەزاران کەسیش لایەنگری لە ئامانج و رێبازی شۆڕشگێڕان دەکەن و ئەمڕۆ یەکێتی شۆڕشگێڕانی